17/1/2020

Cenabê Serok Mesûd Barzanî,

Di serî de em rêz û silavên germ pêşkêşî cenabê we dikin. Me xwest bi rêya wê nameyê zaniyariyan li ser xebatên dawiyê yên rêkxistinên kurdên diyaspora bigehînin we û daxwaza piştgîriya we bo wê xebata neteweyî bikin.

Weke hûn agehdarin xebata xwerêkxistinkirina gelê kurd li diyaspora xwediyê mêjûyek dirêj û tijî şanazî ye. Bi dehan salan kurdên diyaspora li hemû cîhanê hewl dane li dewerên ku lê dijîn bi rêya komele û saziyan ji nasname, ferheng û berjewendiyên gelê xwe xwedî derkewin. Piştî wê, pêngav bi pêngav, bi hizra berfirehkirina hevkarî û xebata xwe, Kurdistaniyan li welatên cawaz federasyon û nawendên taybet damezrandine.

Dehsala 2020an serdema bi cîhanîkirina wê xebata dîrokî û komkirina rêkxistinên kurdan li diyaspora di bin sîwanekî neteweyî de ye. Bi kordînasyon û hevkariyek rêkûpêk diyaspora dikare baştir nasnameya Kurdistanî biparêze û piştgîriya navneteweyî bo doza rewa ya gelê kurd bidest bîne.

Di du salên bihûrî de bi beşdariya heft Federasyonên Kurdan ji welatên Ewropî û Soviyeta berê, amadekariyên pêwîst bo damezrandina Konfederasyona Kurdên Diyaspora ango Diakurdê hatiye kirin. Di reşnivîsa destûrê de armancên Diakurdê di nav sê xalan de hatine kom kirin:

1. Berfirehkirina hevkariyê di navbera rêkxistinên kurdan û pêşxistina civaka kurdî li diyaspora
2. Bihêzkirina întegrasyon û peywendiyên kurdên diyaspora bi welat û neteweyan re
3. Piştgîrîkirina berjewendiyên neteweyî yên kurdan û mafên gelên Kurdistanê

Li ser wê binaxeyê em di hewlê de ne kongreya damezrandina Diakurdê di **4 û 5ê meha nîsana 2020 li Mosko** çêkin. Em dixwazin Kongreya Diakurdê bibe gaveka dîrokî û platformeka hevbeş ya federasyon, sazî, dezgeh û kesayetiyên Kurd li diyaspora. Kongre bi beşdariya pispor û nûnerên kurdan ji diyaspora û Kurdistanê tê rêkxistin.

Em bi hêvî ne cenabê we rolekî bihêz di serkewtina kongrê û damezrandina Diakurdê de hebe. Di peywendî di gel pirsên di rojevê de em dixwazain bi nûnerayetiya komîteya damezrandina Diakurdê di **rojên 1, 2 û 3/2/2020** serdana cenabê we li Kurdistanê bikin. Bi kerema xwe wextek guncaw bo hevdîtina şanda me diyar bikin.

Spas û pêzanîn ji bo destek û piştgiriya we, û bi hêviya serkewtina peywendiyên diyaspora û Kurdistanê.

Komîteya damezrandina Konfederasyona Kurdên Diyaspora (Diakurd):
- Keya Izol, Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê
- Adnan Axacan, Federasyona Komelên Kurd li Danmark
- Mazlum Deli, Federasyona Komeleyên Kurd li Benelux
- Nader Doxati, Federasyona Komelên Kurdistanî li Almanya
- Rodi Ilgen, Federasyona Komelên Kurdistanî li Norvec
- Yuri Nabiev, Federasyona navneteweyî ya komeleyên kurd ya welatên Soviyeta berê
- Welat Nehri, Federasyona Kurdên Fînlandê

**DIAKURD**

Founding Committee of the Kurdish Diaspora Confederation | Komîteya damezrandina Konfederasyona Kurdên Diyaspora | کۆمیتەی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا

١٧/١/٢٠٢٠

جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی

وێڕای ڕێز و سڵاوی گەرم دەمانەوێت بە ڕێگەی ئەم نامەیەوە زانیاری سەبارەت بە خەباتی ڕێکخراوەکانی کوردانی دیاسپۆرا لە ساڵانی ڕابردوو بگەیێنینە خزمەت جەنابتان و داوای پشتگیری بۆ ئەم خەباتەنەتەوەییە لە بەڕێزتان بکەین.

وەک جەنابتان ئاگادارن خەباتی خۆڕێکخستنی گەلی کورد لە دیاسپۆرا خاوەنی مێژوویێکی درێژ و پڕسەروەریە. بە دەهان ساڵان کوردانی تاراوگە لە هەموو جیهان هەوڵیان داوە لەم شوێنانەی کە لێی نیشتەجین بە ڕێگەی کۆمەڵە و ڕێکخستنەکانی خۆیان ناسنامە، فەرهەنگ و بەرژەوەندیەکانی نەتەوەییمان بپارێزن. لە قوناخی دوواتر دا، بە بیرۆکەی فراوانکردنی هاوکاری و خەباتی هاوبەش، کوردستانیان لە وڵاتانی جیاواز هەنگاو بە هەنگاو فیدراسیون و ناوەندەکانی تایبەتیان دامەزراندووە.

دەساڵەی ٢٠٢٠ سەردەمی بە جیهانیکردنی ئەم خەباتە مێژووییە و کۆکردنی ڕێکخراوەکانی کوردانی دیاسپۆرا لە ژێر چەترێکی نەتەوەیی دا یە. بە کۆردیناسیون و هاوکاریێکی ڕێکۆپێک دیاسپۆرا دەرفەتی دەبێ لە ئاستێکی بەرزتر دا ناسمانەی کوردستانی بپارێزێت و پشتگیریی نێونەتەوەیی بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد بە دەست بێنێ.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو، بە بەشداریی ٧ فیدراسیۆنی کوردی لەوڵاتانی ئەورووپی و سۆڤیەتی پێشوو، ئامادەکاریی پێویست بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی دیاکورد واتە کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا ئەنجام دراوە. لە ڕەشنووسی دەستوور دا ئامانجەکانی دیاکورد لە نێو سێ خالی سەرەکی کۆکراونەتەوە کە بریتین لە:

١. پەرەپێدانی هاوکاری لە نێو ئەندامان و ڕێکخراوەکانی کوردی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردان لە دیاسپۆرا
٢. بەهێزکردنی ئینتیگراسیون و پەیوەندیەکانی دیاسپۆرای کورد لە گەل وڵاتان و نەتەوەکانی تر
٣. پشتگیری لە بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی کوردان و مافەکانی گەلی کوردستان

لە سەر ئەم بناخەیە لە هەوڵ داین کۆنگرەی دامەزراندنی دیاکورد لە **٤ و ٥ی مانگی نیسانی ٢٠٢٠ لە مۆسکۆ** ڕێکبخەین. ئاواتەخوازین کۆنگرەی دیاکورد ببێتە هەنگاوێکی مێژوویی، پلاتفۆرمێکی هاوبەشی فیدراسیۆن، ڕێکخراو و ناوەند و کەسایەتیەکانی کورد لە تاراوگە. کۆنگرە بە ئامادەبوونی کەسانی پسپۆڕ و نوێنەرانی کوردانی دیاسپۆرا و کوردستان بەڕێوەدەچێت.

هیواداریین جەنابتان ڕۆڵێکی بەهێز لە سەرکەوتنی کۆنگرە و دامەزراندنی دیاکورد بگێڕن. لە پەیوەندی دە گەڵ پرسەکانی پەیوەندیدار ئامادەیی خۆمان ڕادەگەیێنین بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی دامەزراندنی دیاکورد لە **ڕۆژانی ١ و ٢ و ٢٠٢٠/٢/٣** سەردانی جەنابتان لە کوردستان بکەین. داوا لە بەڕێزتان دەکەین کاتێکی گونجاو بۆ دیداری شاندەکەمان دەستنیشان بکەن.

سپاس و پێزانین بۆ پشتگیری و پاڵپشتیتان و بە هیوای سەرکەوتنی پەیوەندیەکانی دیاسپۆرا و کوردستان!

کۆمیتەی دامەزراندنی کۆنفیدراسیونی کوردانی دیاسپۆرا (دیاکورد)

- کەیا ئیزۆل، فیدراسیونی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید
- عەدنان ئاخاجان، فیدراسیونی کۆمەڵە کوردیەکان لە دانمارک
- مەزلوم دەلی، فیدراسیونی کۆمەڵە کوردیەکان لە بێنێلوکس
- نادر دوغاتی، فیدراسیونی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە ئالمانیا
- ڕۆدی ئیلگەن، فیدراسیونی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە نوروێژ
- یوری نابییێڤ، فیدراسیونی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی کورد لە وڵاتانی سۆڤیێتی پێشوو
- وڵات نەهری، فیدراسیونی کوردانی فینلاند